**له جیاتی کۆنگرەی نەتەوەیی فەشیۆن له هەولێر**

**ئازاد مستۆفی**

له هەفتەی رابردوودا کوردستان گەلێ هەواڵ و رووداوی سەرنجراکێشی بەخۆوه دیت. له رۆژهەلاتی کوردستان له کاتێکدا کۆماری ئیسلامی بازنەی بۆ تێکۆشانی چالاکانی مەدەنی بەرتەسکتر کردۆتەوه ئەو چالاکانه گیانیان هەر له مەترسیدایه و بگره ئێران بۆ مامەڵەی شاراوەیش کەڵك له قۆڵبەست کردنی رۆژنامەنووسانی بیانی وەکو رۆکسانا سابری دەگرێت و هەروەها دادگای شۆرشی ئیسلامی ئێران، پاسدارانی بکوژی د.زەهرا بەنی یەعقوب، که له زیندانی شاری هەمەداندا پاش دەستدرێژی ئەو ئافرەتەیان کوشتبوو، ئەو پاسداره تۆمەتبارانه بێتاوان رادەگەیەنێت. چالاکی چەکداریش به دژی کۆماری ئیسلامی ئێران هەر بەردەوامه و هێزه ئۆپۆزسیۆنەکانی رۆژهەلاتی کوردستان له قووڵایی خاکی کوردستانی داگیرکراودا واته له سنه و پارێزگای کرماشان ئۆپەراسیۆنی بەربلاویان به دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بەئەنجام گەیاند و خەوی داگیرکارانیان زڕاند. هەروەها له باکووری کوردستانیش ئاکەپەی ئیسلامی که سیاسەتی دیموکراسی بۆ تورك و سەرکوتکردن بۆ کورد، پەیرەو دەکات. له وەلامی سەرکەوتنی دەتەپه له هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی تورکیادا درێژه به قۆڵبەستکردنی ئەندامانی دەتەپه و هەروەها ئەندامانی کوردی پارته سیاسییەکانی تورکیا که له کاتی پروپاگەندەی هەڵبژاردندا به کوردی قسەیان کردبوو، دەدات و توند و تیژی گەیانده ئاستێك که بگره له خۆپیشاندانەکانی شەرمەزار کردنی ئەو کرداره نادیموکراسیەی ئاکەپه دەرهەق به دیموکراسییەتی کورد، پۆلیس له شاری حەکاری بەزەیی به منداڵی چوارده ساڵانیشدا نەهات و گەوزانی خوێنی کرد. تورکیای ئەندامی پەیمانی ناتۆ بانگەشەی بوون به ئەندامێتی یەکێتی ئەورووپا دەکات و هەندێك له وڵاتانی ئەورووپی، که هەمیشه پێوەندی ئابووریان له داکۆکی یاساکانی ماڧی مرۆڤ لا گرنگتر بووه، پشتگیری بەئەندامبوونیی دەکەن.

تورکیا له خەیاڵییدا دەیەوێت بەرەو دیموکراسی هەنگاو بنێ و خۆی له هەموو وڵاتان به دیموکراتتر وەسف دەکات بەلاَم هەتا ئێستاشی لەگەڵدا بێت نەیتوانیوه مەرجەکانی وڵاتێکی دیموکرات بەجێ بێنێت و هەر پارتێك دەسەڵاتدار بووه سەبارەت به پێشێل کردنی یاساکانی ماڧی مرۆڤ به درۆ و دووڕوویی وەلامی وڵاتانی بیانی داوەتەوه و به زەبر و کوشتنیش لەگەڵ نەیارانی و بەتایبەت نەتەوەی کوردا جووڵاوەتەوه. بۆ نموونه هەر له هەفتەی رابردوودا بوو دەنگی تۆمار کراوی "ژەنەراڵ سەلاحەددین ئۆغرلوو" جێگری فەرماندەیی ئاکادیمییه سەربازییەکانی تورکیا له ئینتێرنێت ئاشکرا و بلاَوبۆوه که ناوبراو دەڵێت: "له ڕووبەڕوو بوونەوه لەگەڵ پەکەکەدا پێویسته ڕێگەچارەی توندوتیژی بەکار بهێنرێت. ئەگەر وا نەکەین ئەو کات تیرۆر پەره دەستێنێت. یەکەم جار ئەو کەسانەی که لایەنگری پەکەکەن دەستنیشان بکرێن و دواتر باخ و بێستانیان بسووتێنرێت، ئەگەر باخ و بێستانیان نەبوو ئاژەڵەکانیان له ناو ببرێن. ئەگەر هەر عاقڵ نەبوون ماڵیان بڕووخێنرێت. ئەگەر سەرەڕای ئەوانەش وازیان له پەکەکه نەهێنا ئەو کات بیانکوژن، ئەوانەی که دەمێننەوه دەبێت رابگوزرێن".

ژەنەراڵ سەلاحەددین ئۆغرلوو ساڵانێك بەرپرسی سەربازی بووه له ناوچەکانی باکووری کوردستان و

دوورین و بڕین بەدەستی خۆی بووە. ئەگەر رۆژێك فایلی کردەوەکانی ئەو و فەرماندەکانی دیکەی سەربازیی تورکیا ئاشکرا بکرێت، هیتلەر و موسولینی بە قوتابیشیان نابن. ئەو فەرمانەی ژەنەراڵ سەلاحەددین ئۆغرلوو کە بانگەشەیە بۆ ئەنفالی کورد لە باکوور، رووی واقیعی تورکیا بۆ هەر کورد و کوردستانییەك دەردەخات. دیارە هەر بە دوای قۆڵبەستکردنی ئەندامانی دەتەپە و لەخوێن گەوزانی منداڵی تەمەن چواردەساڵی حەکاری بوو کە ئۆپەراسیۆنەکانی پەکەکە لە باکووری کوردستانیش سەریهەڵدایەوە و نۆ سەربازی تورك کوژران.

دژمنان و داگیرکارانی کوردستان بۆ ئەوەی پتر هاریکاری و هەماهەنگیان لەگەڵ یەکتردا سەبارەت بە لەناوبردنی کورد هەبێت بەردەوام سەرقاڵی پرۆسەی ئابووری و سەربازی هاوبەشن. ئێران دەیەوێت وەکو سەردەمی پاشایەتی "بەندەری ترابزۆن"ی تورکیا لە جیاتی دوبەی بۆ کاروباری هەناردەی بازرگانی بۆ دەرەوەی وڵات بەکار بهێنێت و هاوکات لەگەڵ تورکیاش هێزی سەربازی پۆشتەیان رەوانەی سنوورەکانی باشووری کوردستان کردووە. تورکیاش لەگەڵ سووریا مانۆری سەربازی هاوبەش بەڕێوە دەبات ئەوە لە کاتێکدایە چەك و تەقەمەنی بە لوبنانیش دەفرۆشێت.

لە باشووری کوردستانیش کەرکووکی قودس و دڵی کوردستان هەر لە دەرەوەی ئیدارەی کوردستانە و راپۆرتەکەی دیمیستۆراش پێناچێت هیچی لێ بڕوێت و فرۆکەڤانی کیمیابارانی هەڵەبجەش "تاریق محەمەد رەمەزان" کە پێشتر دەنگۆی هەڵاتنی لە زیندانی سلێمانی لێدەکرا لە دیمانەیەیکدا لەگەڵ رۆژنامەنووس "گابار چیان" لە وڵاتی سوید راشکاوانە رایگەیاند: " ئەمن رامنەکردووە بەڵکو لەسەر بڕیاری جەلال تاڵەبانی سەرۆك کۆماری عێراق رێکەوتی 2007/10/28 ئازاد کرام".

هەولێری پێتەختی هەرێمی باشووری کوردستان کە پێدەچوو کۆنگرەی نەتەوەیی تێدا ببەسرێت و بۆ چەکداماڵینی هێزە چەکدارە ئۆپۆزسیۆنەکانی رۆژهەڵات و باکوور لە ژێر گوشاری دەرەکییدا پلان بۆ ئەو کۆنگرەیە دابڕێژرێت، دواهەڵبژاردنی شارەوانییەکانی تورکیا و سەرکەوتنی دەتەپە ئەو پرۆسە و هاوکێشەیەی بۆ کاتێکی نادیار گۆڕی.

تورکیا و ئێران و سووریا سێ قۆڵی لە بواری چەکداری و سیاسییەوە خەریکی خۆتەیار کردنن بۆ لە ناو بردنی کورد و دەسکەوتەکانیی و تورکیا کاتێك تێگەیشت ناتوانێت مەبەستەکانی لە کۆنگرەی نەتەوەییدا بپێکێت لە دەرگاوە رۆیی و لە پەنجەرەوە هاتە ژوورەوە. لە شارێك ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئافرەتان بە هۆی کۆسپە کۆمەڵایەتییەکانەوە ناتوانن بە خواستی خۆیان جلوبەرگ لەبەر بکەن واتە لە شاری هەولێر، لە چوارچێوەی چالاکییەکانی پێشانگای نێودەوڵەتی هەولێر دوای 36 ساڵ لە عێراق، فەشیۆن لەلایەن ئەرۆڵ ئالبایراق تورکێکی داهێنەری مۆدەوە بەڕێوەچوو، دیارە چەند رۆژ پێشتری ریکلامی هەندێ رۆژنامەی بەخۆوە تەرخان کردبوو کە بۆ ئاستی ئەو رۆژنامانە زۆر جێی داخە.

لەئاکامدا تورکەکان کە نەیانتوانی بە وێچووی ساڵانەی پتر لە بیست ملیار دۆلار بۆ دوو ملیۆن سەرباز، چەك لە پەکەکە داماڵن جلوبەرگیان لەبەر ئافرەتانی خۆیان لە فەشیۆنی هەولێر داماڵی کە بەراستی بژی بۆ ئەو کوردەی رۆژهەڵات و باکوور کە لە ژێر بۆردوومانی ئێران و تورکیا چەکی دانەناو ئەو جلوبەرگ داماڵینەشی نەدیت.

ئاماژەدانی سەرەتایی بابەتەکەم بۆ ئەو بارووودۆخەی هەنووکە کورد لە پارچە جیاکراوەکانی کوردستان تێیدا دەژیت لەبەر ئەوە بوو خوێنەران خۆیان هەڵیبسەنگێنن ئایا کورد لەو قۆناغە ئاسایی و خوشگوزەرانیەدا دەژیت کە گرفتی سەرەکی بەس نمایشکردنی جلوبەرگی ئافرەتان بێت، ئایا ئاوەدانی و گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان مسۆگەر بووە کە گرفتی سەرەکی بەس دیتنی شاجوانانی میسری و تورکی بێت بە جلوبەرگی نوێوە؟

دیارە لە مێژووی نەتەوەکانی ژێردەستەدا ئەوە یەکەمجار نیە ولأتانی داگیرکار بۆ بەلاڕێدابردنی نەوەیەك دەست دەدەنە ئەو جۆرە هەوڵە نەزۆکانە. بەداخیشەوە ئەو قەڵەمانەی دەبوایە هەستی ئینتیمای نەتەوەیی بروژێنن بە ناوی ئاشکرا کردن لە "جیهان"ەوە بۆ ئەو جیهانەی بەقەد تەوێڵە و بیارەی تێەگەیشتوون سەرقاڵی شەڕەدندۆکە و جنێوفرۆشی و لەتکردنی پارچەکانن لەسەر داوای ئەوانەی بەرژەوەندی نەتەوەیی بە بەرژەوەندی گیرفان تێگەیشتوون و بوونەتە رۆژنامەی کەیهانی کۆماری ئیسلامی ئێران.